# کام دەزگامان دەوێت؟!!

حەسەن سەیدباقی

ئەو دەزگەیە، چاکترە بڵێم ئەو دامەزراوەیەی کە من دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، چییە؟ ئەوەی کەباسی لێوە دەکەم مشتومڕێکی زۆرتر هەڵدەگرێت و دەبێتە جێگەی ڕەخنەو گازندەی زۆرێکی تر. بەڵام هات و هاواری بێدەسەڵاتان و ڕووداوەکانی سەردەمی تەکنۆلۆجیا دوو هێڵی تەریب بەیەکن. بۆچی هەموو دەوڵەت و نەتەوەیەکی تر هەیبێت، ئێمەی کورد نەمان بێت؟ ئێمەی کوردیش هەمانە، لەجیاتی یەك دانە،دوو سێ و چواریشمان هەیە!، بۆ نموونە دەزگەی ئاسایش، کە ئەرکی پاراستنی گیانی هاووڵاتی و دابێن کردنی هێمنی کۆمەڵگایە. بەڵام هەنووکە واباوە لەتەواوی دونیا، لە زۆربەی دەوڵەتەکان لەجیاتی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نەتەوەیی و گەلانی دونیا، وەك دەزگەیەکی سەرکوت و تۆقاندن ناسراو جێگیر بووە. هەروەك ئەوەی لە عێراقی دوێنێدا دیمان و هەنووکەش بە شێوازی تر بەردەوامەو پەراگەندەیی و سەرلێشێواوی تەواوی کۆمەڵگەی تەنیوە، هەروەك ئەوەی ئەمڕۆکەش لەکوردستان بەدەر دەکەوێت. ئەمەش تاکەی دەبێت و چۆن چارەسەردەکرێت؟!.. لە سلێمانی و هەولێریشدا دوو دەزگەمان هەیە گوایە ئەرکی پاراستنی تاکی کوردو هێمنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆدایە، پێچەوانەی مەبەست تا هەنووکە بۆ دژایەتی کردنی نەیارە سیاسیەکانیان بەکارهێنراوە، لە باتی پاراستنی سەروماڵی خەڵکی لە تەقینەوەو کوشت و بڕین. لەکەس شاراوە نەبووەو نییە چ دەگوزەرێت لەکوردستان، ئاماژە بەهیچ ڕووداوێك ناکەم تا نەکەومە سەنگەرێك لەسەنگەرەکانەوە. نموونە زۆرە لەو بابەتانە لە دەربەندیخان و هەولێرو سلێمانی و ئاکرێ و قەلاچوالان و شوێنەکانی تر کە چی گوزەراوەو دەگوزەرێت. دەمەوێت ئاماژە بەڕووداوێك بەم، کەسەروبەندی خۆمی گرتووەتەوە، لەڕێگەی هەڵبەستنی تۆمەتێکەوە، بوونە هۆی ئازارو ئەشکەنجە بۆ خۆم و خێزانەکەم، کە بەهەق قوربانییەکی بێتاوانی ئەوکارە بووین. ئەوەش بۆیە ئاماژەم پێدا لەبەر ئەوەی تا هەنووکەش گەلێ خۆ بەنووسەرزان و سیاسەتمەدار نان و پیازی پێوە دەخۆن و وەك ئەوەی هەنگوینیان لە کلۆری داردا بینیبێتەوە. من نایەم بەرگری لەخۆم بکەم، وەڵامی ئەو چەنەبازە سیاسی و هەرچی پەرچیانە بدەمەوە، دەڵێم بەڕاست، ئایا ئاسایش بۆ پاراستنی تاکەکەس و ئارامیکۆمەڵگایە، یا بۆ تێوە گلاندی خەڵکیە بەکاری ناڕەوا، تەنها لەبەر ئەوەی نەیاری سیاسیان بێت؟!ئەو کەڵەبابانەش شیرێکی ژەنگاویان بەدەستەوەیە بە مناسەبەو بێ مناسەبە(بەبۆنەو بێ بۆنە) ڕایان کێشاوە،تا بازاری نووسینەکانیانی پێ گەرم بکەن. بەڵێ ئەو دەزگەیەمان پێویستە کەسەروماڵمان، ئاسایشی نەتەوەیمان بپارێزێت. کامە؟ چۆن دەزگەیەك؟ هەنووکە دەزانن چ دەڵێم؟ بەڵێ، ئایا مەبەست لە دەزگەی زانیاری و پاراستن و ئاسایش وهەواڵگری و گەلێ ناوی ترە کە بەرگوێمان دەکەون؟.بێگومان نا!. بەڵام ئەوەی لای من گرنگە، دەبێت ئەو دەزگەیە لەخەڵکەوە بێت بۆ خەڵك، ئەوجا بۆ دەوڵەت، نەك پێچەوانە، گەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وای لێهات دەبێتە دەزگایەکی تۆقاندن و کوشت و بڕین و دوور لە خۆشەویستی و هاوکاری خەڵك دەکەوێتە پەراوێزەوە. هەریەك لە ئێمە دژی چەوساندنەوەیەو پڕ بەگەروومان هاواری ئازادی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکەین. هەرتاکێك داوای کۆمەڵگەیەکی ئارام وخۆشگوزەران دەکات. کەچی هەریەك لەئێمە کە دەسەڵات دەکەوێتە بن دەستمان، دڕندەین و لەبەرگی مرۆڤایەتیمان دەردەچین. لە هەوڵی سەرکوت و سووککردنی نەیاری سیاسیماندایین. ئەوە سروشتی مرۆڤە! لەساتەوەختێکدا فێرکراوە بەزەبروزەنگ بژی. هەموو نەوەیەکی نوێ دەیەوێت تاوانی نەوەی پێش خۆی لە نەوەی داهاتوو بکاتەوە، هەربەو جۆرە ژیان بەردەوام بووە...!

بەڵێ، دامەزراوێك پێویستە بۆ کورد! کە ئاسایشی نەتەوەیی دابێن بکات. ئاسایشێك کە خەڵك خۆی لێی بەرپرسیار بزانێت، خۆشەویستە خەڵك و خەڵك وە دامەزراوەکە(ئاسایشی نەتەوەیی) بوونی هەبێت، نەك لە ناوهێنانی هێماکە ترس و دڵەڕاوکێ دروست ببێت!.

پێم وایە خەڵکانی کارامەو پسپۆر لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زانستەکانی تردا دەتوانن لەو پێکهاتەیەدا ڕۆڵی بەرچاو کارایان هەبێت. ئەو دامەزراوە دەبێت بەدوور بێت لە کەسانێك کە گیانی تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگی کەسییان هەبێت.

واتە خۆشەویستی ووڵات و نەتەوە، وەها کارکردێك بێت خۆشەویستی لەدەروندا بچەسپێنن، "ئەوەی دەی چێنی ئەمڕۆ سبەی درووێنەی دەکەیت". مانای وایە (ئاسایشی نەتەوەیی) نەك حیزبی و تاکە کەسی. ئەمە پێویستی بەهەوڵ و هیمەتێکی ڕاستگۆیانەی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بەخەمخۆری میللەت دەزانن، ئەوانەی کار بۆ پاراستنی کوردستان و هێمنی کۆمەڵگە دەکەن. ئەوانەی دەروون نەخۆش نیین، نەنگیە لایان بەکرێگیراوی ئەم یا ئەو دەوڵەتی داگیرکەری هەرێمی و جیهانی بن. نایانەوێت مساوەمە لەسەر کێشەی کورد بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ووردەکاری زۆرتر هەیە کە لێرەدا جێی نووسین نییە، دەکرێ بۆ گەڵاڵەی ووردەکاریەکان لەگەڵ خەڵك و لایەنی بەرپرس لەو بابەتە گفتوگۆ بکرێت، تا بەرنامە ڕێژی دروست بکرێت بۆ ئایندەی کوردستان.

ئەڵمانیا
17.09.2004

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com